# تەزکیە و تەعلیم

نووسینی : ئەحمەدی موفتی زادە

وەرگێڕانی : کامەران


کتێبخانەی (PDF)

# تەزكیە

# و

# تەعلیم

نووسینی : ئەحمەدی موفتی زادە

# پێشەکی

## بسم الله الرحمن الرحيم

مرۆڤ وا دروست بووە کە هەمیشە وێڵی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیان بێت و، هەوڵ بدات بۆ ئاسان سازی گیرو گرفتەکان، بەڵام شان بەشانی ئەم تێکۆشانە بەردەوامە کە پێویستی کەسایەتی مرۆڤانەی مرۆڤەو زامنی پێناسەکەیەتی، تووشی هەڵەیەکی قووڵ بووە کە تا ئێستاش مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەگەر چی خالقی مرۆڤ کە هەقی نامریەتیش هەر مولکی ڕەوای خۆیەتی بەردەوام لە ڕێی نێردراوەکانی خۆیەوە وێڕای فەرمانەکان، ئەم مەسەلەیەشی ڕوون کردۆتەوە کە ئەو هەڵەیە چارەسەر بکات و مرۆڤ وا نەزانێت بەزانین هەموو کێشەکانی چارەسەر دەکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەهمیەتی زانین و فێر بوون دەردەخات ئەوەش دیاری دەکات کە ئەوەی گرنگە -مرۆڤ کردنی مرۆڤە- واتە -

تزكية-، گوڵ كردنی شەخسیەتی ڕاستەقینەو خۆدۆزینەوەی مرۆڤ لە قاڵبی هەقیقی خۆیدا نەك خۆ ون كردن و لەجێی خودی بەرزی مرۆڤانەدا مەوجودێكی تر پێشكەش كردن، وێڕای ئەم ڕاست كردنەوەیەش مرۆڤ بەردەوامە لەسەر هەڵەی خۆی. ئەم نامیلكەیە باس لەو مەسەلە گرنگە دەكات و جارێكی تر ئەو زەنگی خەتەرە بۆ مرۆڤایەتی دێنێتەوە دەنگ و سەدا.

كاك ئەحمەد هەر لەم باسەدا بەشێوەی قورئانی بەرفراوان و هەموو لایەنە باس كردن و بەستنەوەی مەسەلەكان بەیەكترییەوەو واقعیانە دێتە مەیدان نەك وشك و بێ دەرك و تەنگ نەزەرانەو بێ سەرەداوو تێگەیشتن. مرۆڤ لە عبودیەتی خوادا یەكە شەخسیەتی خۆی دەبینێتەوەو ئەگەر ئەمەی لەبیر چوو خۆشی لەبیر دەچێتەوە، فەرمانبەری خودا كردن واتە مرۆڤ كردنە خاوەنی پێوانەیەك بۆ خێرو شەڕ، ئەگەرچی مرۆڤ وا خوڵقاوە كە ئازادە لە بیرو هەڵوێست و كردەوەدا، بەڵام دوای دەركی خۆی دەزانێت كە ئەوەی خوا ئەمری بۆ

دەكات بە معروفات دەبێت بكرێو ئەوەی منكراتــە نـابێت بكرێـت، ئـەویش لەبــەر ئەوەیــە (معروفــات) چاكــەكان سودمەندن بۆیو، (منكرات) زەرەرمــەندن بـۆی، دەزانێـت ئەو دروست بووە تا بەرنامــەی خـوای لـەژیانیدا جێبـەجێ بكات نەك خۆی بەوە بزانێـت بەرنامـە بـۆ خـۆی دابنێـت، دوای زانینی ئەم شتانە كە ربوبیەتە بۆ خواو عـبودیەتــە بـۆ مرۆڤ، دەست دەكات بـە ڕۆشـن كردنـەوەی ویژدانـی واتــە شەخسیەتی حەقیقی مـرۆڤ نـەك ڕواڵـەت، چونكـە نـاخ و دەروون و ڕانـاوی ناهۆشـیاری مرۆڤــە، ئەخلاقـــە، كـــە كەسایەتی مرۆڤ و ڕێژەو ڕادەكەی دیاری دەكات.

هۆش و بیرو زانینی مرۆڤ (ضمیری هۆشیاری مرۆڤ) هەر چەند بڕ بێت كە نەگۆڕێت بە سیفات و ضمیری بـاطنی پـێ ئـاوەدان نەكرێتــەوە بــێ ســوودە، چونكــە هۆكــاری بەدبەختیەكان نەزانین نیيە، كار نەكردن و بێ عەمــەلیو بێ فەڕی مرۆڤە.

زۆر فەرهەنگ و كەلتوری گەورە هەبوون وەك ئێسـتای ئێمە بەڵام نــەیانتوانیوە ئاسودە بـن و چارەسـەری یەئسـی

فەلسەفی خۆیان بکەن، ئاخر مرۆڤ کاتێک ڕازی بوون و دەوری خۆی نەزانێت ئەگەر ببێتە زانایەکی گەورەی فیزیکیش زۆر بە ئاسانی بۆمبی ئەتۆم دروست دەکات کە مرۆڤایەتی پێ چاوترسێن دەکرێت و لەناو دەبرێت پێی.

لەگەڵ ئەوەدا کە دین بەردەوام ئەمری زانین و فێربوون دەردەکات و بایەخی پێ دەدات، من خۆم ئەم سۆفییە نەخوێندەوارە گۆشەگیرو دوور لە ژیانی مرۆڤ و لە کۆمەڵ تەریکە زۆر لە لام چاکترە تا ئەو بەحساب زانایەی کە بۆمبی ئەتۆمی دروست دەکات چونکە میلاکی چاکیو خراپی مرۆڤێک سوود یان زیان یەتی (معنویيان مادی) بە خەڵک.

ئەم گۆشەگیرە توانایەکی لەناو بردوەو بڕستێکی فەوتاندوە، بەڵام ئەو زانایە هەزاران و ملیۆنەها کەس لەناو دەبات و دەفەوتێنێت.

هەڵەیەک کە لە زۆربەی میللەتاندا بەرچاو دەکەوێت تێکەڵ کردنی ڕۆشن بیریو شارستانیەت -مەدەنیەت و ثقافەت- کەسێک بەوەی خاوەنی ئامێرو کەرەسەی

پێشــکەوتووەو جــل و بــەرگ و ئــەداو ئــەتواری خۆشگوزەرانانەی هەیـە ڕۆشـن بـیر نی‌یـە -مثقف نی‌یـە- مـاڵێک بـەوەی تـەباخی غـازو غەسـالەو کەوانتـەرو بـاقی تەشقەڵەکانی تری بۆرجوازیـەتی هەیـە نابێتـە ڕۆشـن بـیر، ئـەوە بـەکار هێنـەری کەرەسـەی سـەردەمە. ڕۆشـنبیر ئـەو کەسەیە خۆی‌و ماڵ و ئیسراحەتی بەخت دەکات بـۆ ئـەوەی تەکان بدات بە کۆمەڵەکەی‌و بەرەوپێشی ببات، زوڵمی تیـا نـەهێڵێت و هـەموو ئـەو شـتانەی بوونەتـە مایـەی لــەکار خستن و قەتیس کردنی کۆمـەڵەکەی پوچەڵ بکاتەوە.

ڕۆشـنبیر ئـەو کەسـە نی‌یـە کـە وەک بـاقی تاکــەکانی کۆمەڵ کە لە تنۆکە بەستراوەکانی جەرەیانێکی ئـاو دەچـن ملی ڕێ بگرێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە خو و دابی پەسەند کراو بەلام خراپی کۆمەڵەکەی دەپسێنێت.

زۆر کـەس لـە ڕواڵـەتی ژیـاندا سادە ژیـاون یـان هـەر سەردەمەکەیان بەو مەدەنیەتە نەگـەییوە بـەلام ڕۆشـنبیری شوێن و کـاتی خۆیـان بـوون و دەسـتیان داوەتـە یەخـەی عـادەتی میللەتەکـەیان و بـەرەنگاری ناهەمواری‌یـەکانی

بوونەتەوە مەزدەکێ و سپارتاکۆس و زاباتاو غاندیو گیفارا هەر یەکێ لە شوێن و کاتی خۆیاندا ڕۆشن بیر بوون و دەوریان بینیوە.

بەڵام چاکترین جۆر لە ڕۆشنبیریو ڕۆشنبیران دین و پێغەمبەرانن -ص- کە بە ئەمری خودا دەستیان داوەتە گەردنی زۆرداری شوێن و کاتی خۆیان و شەڕیان لەگەڵ کردوون و هەر کاری ئەمانەش بووە کە بەهۆی بوونی پەروەردەی دروستەوە پاش سەرکەوتن نەبوونەتە زاڵمێکی خراپترو زاڵمتر لە زاڵمەکەی پێش خۆیان، ئەگینا کاری ڕۆشنبیرانەی پشت نەبەستوو بە عقایدی تەوحیدی سەرئەنجامەکەی هەر زوڵم بووە. چونکە زامنێکێ نیە بۆ ئەوەی زوڵم نەکەن نموونەی زیندوو: کوبای کاسترۆ و هیندستانی نەهرۆو نەوەکانێتی.

هەر چەند جار جارێکێ لە مێژوودا عەدالەت دەبینین بەڵام نەکێ بە کاملی وەکێ ئەوە ئیقامەی **قسط**-ی قورئان باسی دەکات بەڵکو بەڕێژەیەکی خوارتر کە پەیوەندی بە سەلامەتی **فیطرەتی** ئەو سەرکردەیەوە هەبووەو بە مردنی

ئەو سەرکردەیە ئەو عەدالەتەش لە گۆڕ نراوە لەبەر مرۆڤ باش دروست کراوەو دەتوانێت تا ڕادەیەک لەمل کەچیی نفس و شەیتان ڕزگاری بێت بەڵام ئەگەر بەردەوام وریایی خۆی نەکات ڕۆژێک دێت خۆی بدۆڕێنێت، چونکە زۆر بەرزتر بوون و بە اصطلاحە قورئانییەکە گەیشتن بە قۆناغی مطمئنەو پارێزراوی ئەو مرۆڤە لە هەموو تاوانێک چ نیسبەت بەخۆیو چ نیسبەت بە خەڵک تەنیا بە کتاب و سوننەت دەکرێت و، ئەو بەرنامە پەروەردەیەی دین دایڕشتوە.

قیامەت لە فکری دینیدا یەکێکە لەو میلاکانەی چاکیو خراپی مرۆڤی پێ سنووردار دەکرێت. کەسێک کە بزانێت لە شوێنێکی تر یەخەی دەگرن و مسقاڵە زەڕەیەک خراپە یان چاکە بەچاوی خۆی دەبینێتەوەو زوڵم لەهەر کەس بکات هەقی لێ دەکەنەوە خراپە ناکات و چاکە دەکات، ئەگەر وا نەبێت ژیان بێ مانا دەبێت ڕەنج و کۆششی چاکان و خیانەتی خراپان بێ مانا دەبێت و، کوێیە کە بەشی پاداشتی زۆرداران و چاکەکاران بکات؟ مرۆڤ

بـەهۆی نـــەبوونی دەرك و حـالی بوونێکـی بـاش لـە - ئیمتیـازات ذاتـی- زیـادە بەشـانەی خـودیو خـوداداديو نەبوونی بەرنامەیـەك بـۆ خستنەگەڕی ئـەم توانـاو بڕستە زیادەیە بەردەوام تووشی زوڵم بووە، لە کـاتێکدا خـودا کـە زیادە بەشانەیەك دەداتـە کەسێك لـە زانـین و لـەش یـان دەسەلات و مـاڵ لـە مـەزرای ژیـاندا بـۆ ئەوەیـە خزمـەتی زیاتری پێ بکات و ئەگەر نەیکات ئەوە داماو بـووە پـێیو لە تاقی کردنەوەکەدا دەرنەچووە، چونکە قورئان ڕازی زیادە بەشانەی وا دیاری کردوە ﴿لیبلوکم فیما آتاکم﴾ نەك بـۆ زاڵ بوون و خوڕین و مل هوڕی بەسەر یـەکتریدا. بێ شـك ئـەو کەسـەی سۆفێتی دەکـات وا ئـــەزانێت موسـڵمانێتی دەکات ئەگەر نا بەهیچ جۆرێك ئامـادە نیـیە بـە قـەرەیدا بچێت. بەڵام من سەرم سوڕماوە لەوەی خواو قورئان مرۆڤی پەیڕەوی قورئان بە موسڵمان ناو دەبات و بە ناوێکی کەمی نازانێت، بۆچی ئێمە دەبێت بەناوی جۆراو جۆر خوا نـەکردە ئەو ناوە بەکەم بزانین و هەوڵ بدەین ناوێکی کـامڵ تـر لـە موسڵمان پەیدا بکەین؟

کە ئەمە خۆی گوناهێکی گەورەیەو ڕاست بوونەوەیە لە بەرامبەر ئەو فەرمانە قورئانیەیە کە ﴿هو سماكم المسلمين﴾ یان ﴿ان الدين عند الله الاسلام﴾. ئەم برا موسلمانانەی کە ناوی موسلمان بەکەم دەزانن و ناوی اهێناوە چونکە خۆیان پاکن و بێ گەردن و لە مونکەرات بەدوورن، تووشی لە خۆڕازی بوون دەبن و زۆر جار بە تایبەتی لە تەوحیدی ئیستعانەدا دووچاری شرک دەبن. جا هەر چەندە هەوڵ دەدەن پێنەو پەڕۆی بکەن.

لە کاتێکدا سەرەکیترین بنەمای شەخسیەتی گەورە پیاوانێکی وەک شێخ حسن بصریو بایەزیدو حلاج و جنید و ذوالنون مصري و هەروەها پیاوانی تری وەک شێخی بەهائیو سەهرەوەردیو خواجە عبدا لله انصاري و سعدیو حافظ و مەولەویو شمس و عطارو مەولانا خالیدو مەحویو مەولەوی تاوەگۆزی، سنگ فراوانیو زوهدو تەرکی طماع و پلەو پایەو ناوو سامان بوو مای پەیڕەوی ئەوان دەکەن، بە پێچەوانەوە هەر خەریکی دنیاگەریو تەماع کاریو چاوچنۆکیو کەس بە موسلمان

نەزانین و عاشقێتی پلەو پایەو سامانن. هەزاران داخ لەو خەڵەفە کە خۆی بە جێگەداری ئەو سەلەفە دەزانێت؟!!!

ئەم چەند خاڵە ئەوانەن کە کاک ئەحمەد لە ناوەڕۆکی باسەکەدا ئاماژەیان بۆ دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە کە بە پێویستم زانی هەندێکیانی ڕوون تر بینەوەو زیاتر لێی بدوێم، ئومێدەوارم لە دەرگاری ڕەحمەتی خودا کە هەمووماں لە خزمەتی چەسپاندنی دین دابین و هەوڵ بدەین مزکی بین، چونکە خوا مەسیری تزکیەی داناوە بۆ موسڵمانێتی، وا نەزانین بەفێر بوونی زیاتر خۆمان و بەرنامەو کۆمەڵەکەمان بەرەو پێش دەبەین ئەگەرچی مرۆڤ هەمیشە بەلای تەعلیم دا زۆرتر هەنگاو هەڵدەهێنێت و حەزی لێ دەکات و خوا ئاگاداری مەخلوقی خۆیەتی و فیطرەتی دەناسێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت ئەگەر مەسیری تزکیەو تعلیم بە پێی بەرنامەی من ببۆن و هەوڵ بدەن شێوەی قورئانی جێبەجێ بکەن لە لایەن منەوە ﴿ويعلمكم ما لم تكونوا تعلمون﴾ فێر کردنێک فێرتان دەکەم کە نەتان توانی بێت فێر ببن،

واتە بەو شێوەی کە لەژیانی پێغەمبەران بەگشتیو پێغەمبەرﷺ بە تایبەتیو پەیڕەوانیداو پیاوانی سالح لەهەر سەردەمێکدا. ئاشکرایە خوا ئەو کەسەی بە شایستەی بزانێت فێری دەکات و لەهەموو شتێک شارەزای دەکات.

هەر چەندە ئەم باسە لەبارەی چۆنیەتی تزکیەو بەرنامەو کارکردنی ئەهلی تزکیەوە نادوێت و ئەرکیش ئەوە نییە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە کە مرۆڤایەتیو بەتایبەتی موسڵمانان هۆشیار بکاتەوە کە بنەمای مرۆڤ بوون بە تزکیە بزانن نەک زانست داریو فەرهەنگ و شارستانیتی. بەڵام تزکیە چۆن دەکرێت و مرۆڤ چۆن مرۆڤایەتی خۆی بەدەست دەهێنێتەوەو بوونی هەقیقی خۆی دەسەلمێنێت؟ بە کورتی لەبیرو بۆچوون و تێگەیشتنی کاک ئەحمەددا تزکیە بە دامەزراندنی دوو بنەماو پایەی سەرەکی دەست پێ دەکرێت:

١- لاواز کردن و لەناو بردنی ئیتراف لە ژیانی ماددیدا.

٢- لاواز کردن و لەناو بردنی ئیستکبار لە ژیانی مەعنەوی‌و اخلاقی‌دا.

نابووت کردنی ئەم دوو سیفەتە بە ئەساسی تزکیە دەزانێت و باقی شعائرو عیبادەت و ئیشەکانی تر بۆ سەقام گیر کردنی ناوکی مرۆڤانەی مرۆڤەو چەسپاندنی تزکیە بە بەردەوامی‌و لە هەموو شوێن و کاتێکدا. ئەگەر شتە سەرەکی‌یەکە واتە سەرکوت کردنی سیفاتی ئیترافی‌و ئیستکباری -نەکرێت شعائرو باقی کارە ڕواڵەتی‌یەکانی تر ئەگەرچی مرۆڤ لەزۆر کاری خراپ دوور دەخەنەوە، بەڵام ڕۆح و ڕەوانی پەرێشان تر دەبێت و تووشی چەندین نەخۆشی تر دەبێت کە سادەترین و ئاشکرا ترینیان -شەخسیەتی درۆزنی دینی‌و خۆ بە مقدس و سالح نیشان دانە -کە ریشەکەی ئیستکبارەو لە خزمەتی داخوازی‌یە دنیای‌یەکاندایە- ئیتراف- و بناغەکەی ماددیات و دنیا پەرستی‌یە.

کە ئەم شەخسیەتە چەواشەیە هەمان مستکبرو مترف و زۆردارە بەڵام لەبەرگی دین و دۆستایەتی‌دا کە دین

هەمیشە زەرەری لەمانە دیوە.

کەواتە سەرەتا هەمان ئەو دوو کارە پێویستە کە پێغەمبەر ﷺ کردویەتیو، ئەگەر ئەم دوو سیفەتە بەهەموو لق و پۆپ و حاڵەتەکانیەوە نەکەوێتە بەر هێرش و لەناو بردن و بەرنامەی سەرکوت کردنی بۆ دانەنرێت، کارە عیبادیو ڕواڵەتیەکانی ڕۆژانە ناتوانێت کارسازو کاریگەر بێت و مزکی بێنێتە کایەوە.

پاش لاواز کردن و نابوت کردنی ئەم دوو دێوەزمە قێزەونە هەموو شتێک دەبێتە مایەی خێرو خزمەتی خۆو دەوروپشت و ئاسایشی ماددیو مەعنەویو فەردیو کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤە بێ تزکیە زانست و تەکنیک و سامان و پلەو پایەو ناو و ناوبانگ و دەسەڵاتی ماددیو مەعنەوی یەکسەرە دەبێتە مایەی شەڕو نەگبەتیو دژایەتیو خەتەرو نائارامیو خیانەت و کوشتن وبڕین.

والسلام

# پێشەکی

## بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ پەروەردە کردنی یەکێ تۆو، دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەو تۆوە بناسین و بزانین، کە ئەو تۆوە لە چ کاتێکدا پەروەردە دەبێت؟

لە چ وەرزێکدا دەبێت بیچێنین لە چ جۆرە خاکێکدا بەچاکی نەش و نما دەکات؟

چەند ئاوی دەوێت و لەچ کاتێکدا دەبێت ئاوی لێ ببڕیت؟

چ جۆرە پەینێک پێویستە بۆی، چ جۆرە تیشکێکی خۆر دەتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت، چ جۆرە دەرمانێک یان چ ڕێگایەکێ دەتوانێت لەو تیشیکی خۆرە بیپارێزێت؟

دەبێت هەموو ئەمانە بزانین ئەو کاتە دڵنیا دەبین کە دەتوانین ئەم تۆوە بەروەردە بکەین و بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و تەواو بەرهەمی بهێنین و سودی لێ وەربگرین.

ئێمە دەمانەوێت ژیانی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی ژیانێکی باش بێت، تواناکانی نەفەوتێن و هەموو ئەو نیعمەتانەی لەبەر دەستی دایە بەهەدەری نەدات و بە پێچەوانەوە زۆرباش بەکاریان بهێنێت و سودیان لێ وەربگرێت. بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئاواتە دەبێت چی بکەین؟ تەنیا بە شێوەیەک دەتوانین ڕێگای باشی خستنە گەڕی هەموو تواناو بڕستەکانی مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەی لەبەر دەستی دان بدۆزینەوە کە مرۆڤ و بارو دۆخی ژیانیو هەل و مەرجی گەشەو پێداویستیەکانی کامڵ بوونی بناسین هەر وەک لەو نموونە سادەیەدا وتمان ئەو مەسەلەیە ڕوون بووەوە کە ناسینی یەک تۆو پەیوەندیەکانی بۆ پەروەردە کردن کارێکە لە توانای مرۆڤ دایە وە دەتوانێت دوای ناسینی تایبەتمەندیەکانی شێوازو بەرنامەی تایبەتی پەروەردە کردنی بۆ دابنرێت. ئایا ئەم کارە دەربارەی مرۆڤ دەکرێت؟

ئەم کارە دەربارەی مرۆڤ لە توانادا نیە، ناتوانرێت بەو ڕێک و پێکیەو بەو کامڵیە مرۆڤ بناسرێت و

بەرنامەیەکی هەموو لایەنەو فراوان کە پێویستی پەروەردە کردنێتی دابنرێت.

لێرەدا بەرنامەدانەر هەمان ئەو مرۆڤەیە کە بەرنامەی بۆ دادەنێت، ئێمە هەر چەند پێشکەوتووتر دەبین زانین و بازنەی دەسەلات و هەلس و کەوتمان فراوان تر دەبێت، بەهەمان ئەندازە ژیانمان ئالۆزترو دەروون و ڕۆح و ڕەوانمان ئالۆزتر دەبێت، لەبەر ئەمە بەرنامەدانان بۆ پەروەردە کردنی ئێمە (مرۆڤ) قورس تر دەبێت.

ئەوەی بۆ ناسینی یەک تۆو لەباردایەو دەکرێت بۆ ناسینی مرۆڤ هەرگیز لەباردا نییەو ناکرێت دانانی بەرنامەیەکی هەموو لایەنە بەشێوەیەک کە مرۆڤ بەچاکی پەروەردە بێت و لەخۆیو تواناکانی باش سوود وەربگرێت و ئەو نیعمەتانەی خراوەتە بەردەستی باش بیانخاتە گەڕ تەنیا لە تواناو باری کەسێکدایە کە بە شێوەیەکی هەموو لایەنەو کامڵ مرۆڤ دەناسێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورو پشتیدا دەرک دەکات.

ئایا بۆ پەروەردە کردنی ئەو تۆوەی بە نمونە

هێنامانەوە دەکرێت ئەو تۆوە خۆی بەرنامە دابنێت یان لە تۆوەکە کامڵ تر؟

بۆ نموونە، ئایا دەکرێت گیاندارێک یان شتێک کە لە گیاندار بچێت بەرنامە بۆ خۆی دابنێت؟

ئاشکرایە کە نەخێر.

مرۆڤ هەروەک ئەو تۆوەیە کە بۆ پەروەردە کردنی بەرنامەیەکی پێویستە، مرۆڤ خۆی ناتوانێت ئەو کارە بکات بە هەمان شێوە کە ئەو تۆوە ناتوانێت بەرنامە بۆ خۆی دابنێت، کەسێک کە بەرنامە بۆ شتێک دادەنێت پێویستە هەموو ڕازو نهێنیو تایبەتمەندیەکانی ئەو شتە بەتەواوی بناسێت، بەدەست هێنانی ئەم ناسینە بۆ مرۆڤ هەرگیز ناکرێت.

بەڵگەیەکی زۆر سادەو ئاشکرا دەخەینە بەرچاو دەروون ناسێک کە چەندین ساڵ تۆێژینەوە لەسەر ڕەوان و دەروونی یەک کەس دەکات بەم ئەندازەیەش دیسان ناتوانێت بەتەواوی ئەو کەسە بناسێت تەنیا ڕەوانی ناهۆشیاری دەڵێم (باطن) نەک هەموو ڕەوانی بەهەموو تواناو بڕست و نیازو

ئاواتـە تـاکیو کۆمەڵایەتییەکانییـەوە، تـەنیا یـەک کـەس نەک سەد کەس و هـەزار کـەس، نـەخێر تـەنیا یـەک کـەس ناتوانێت بناسێت.

ئەمـە بەڵگەیـەکی زۆر سـادەو ئاشـکرایە کــە مــرۆڤ ناتوانێت بەرنامە بۆ پەروەردە کردنی مرۆڤ دابنێت، ئەمـە مەحاڵە.

بەهەمان شێوە کە بۆ دەنکە تۆوێک وتمان کـە دەبێـت یەک کەسی بەتواناو هۆشیارو خاوەن زانستی تەواو بەرنامە دابنێـت بـۆ ئـەوەی بـە باشـترین شـێوە ئـەو تـۆوە بـەکار بهێنرێت، لەبارەی مرۆڤیش بەهەمان شێوە بێت.

کەسـێک کـە توانــاو تایبەتمەندییــەکانی مــرۆڤ و بـارودۆخی ژیـانی بـاش دەناسـێت و دەزانێـت چ شـتێک خراوەتە بەر دەستیو چ هـەل و مـەرجێکی بـۆ سـاز کـراوە دەتوانێت بەرنامە بۆ مرۆڤ دابنێت تا لە هەموو تواناکانی بەباشی سوود وەربگیرێت.

نـەک بـەو شـێوە هەڵەیـەی ئـەمڕۆ کـە توانـای مــرۆڤ دەخرێتە گەڕ بەو شێوەیە کە تا کارێکی باش دەکات دەیان

کاری خراپ و نابەجێ دەکات لەبەر ئەمە بەهیچ جۆرێک ناکرێت و نابێت مرۆڤ بەرنامەی ژیانی خۆی دابڕێژێت، هەرگیز ناکرێت مرۆڤ خۆی تا ئەم سنوورە کامڵە هۆشیارو زانا بێت. کاتێک بەرنامەیەک کە شایستەی ژیان و کەسایەتی مرۆڤ بێت و بخرێتە بەردەستیو جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە بەخۆی بسپێردرێت، چونکە مەخلوقێکی ژیرو هۆشیارە دەتوانێت بەچاکی جێبەجێی بکات.

بەرنامە دانان و جێبەجێ کردنی بەرنامە دوو شتی جیاوازە.

زانین و هۆشیاریەک کە بۆ جێبەجێ کردن پێویستە هیچ کاتێک بەشی بەرنامە دانان ناکات و بەس نیە بۆی، کاتێک بەرنامە دانرا دەسپێردرێت بە مرۆڤ تا دابینی بکات. مرۆڤ دەتوانێت بە ناسین و زانینی شتە پێویستەکان ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک دابین بکات.

ئەمما چ کاتێک دەتوانرێت لەو بەرنامەیە ئامانج و

سەر ئەنجامێکی ماقوڵ بەدەست بهێنرێت؟

کاتێکێ ئـەم مـەرجانـەی بەرنامەدانـەر دایـناوە ڕەچـاو بکرێت.

لە کۆڕی ڕابردوودا وتم ئەگـەر فـێرکردن هـەبێت بـەڵام پەروەردە کـردن نـەبێت کۆمـەڵ تووشـی چـەندین نەخۆشـی دەبێـت کـە چـەند نمونەیـەکمان خستـە بـەرچاو، نمونـەی سادەی ئەمـەیە کـە مـرۆڤ لـەڕووی قسـەوە دەبنـە نموونـە بەڵام لەڕووی -ڕەوشت- و -کردەوە-وە هیچ و پوچ و پیس.
ڕێگایەکی بـاش بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ وای بەسـەر نەیـەت ئەمـەیە کە: پەروەردە کـردن دەکەوێتـە پێش فـێر کردنـەوە بەڵام ئەم پێش و دوا کەوتنە بەچ مانا؟

مانای ئەم قسەیە ئەمە نیـیە کە پەروەردە کـردن بـەبێ ناسـین و زانسـت مـەیسـەر دەبێـت، نـەخێر پـەروەردەکردن لەڕووی دابین کـردن و کـردارەوە هەمیشـە دوای فێرکردنـە بەڵام ئەو شتانەی وا فێری مرۆڤ دەکرێت چەند بنەمایـەکی سەرەکی هەیە کە دەبێت لە سەرەتادا ئەوانە فـێر بکرێـت و مرۆڤ پێ بەپێی ئـەو ناسـینـەی پـەیدای کـردوە پـەروەردە

بکرێت و گەشە بکات.

پـاش فـێربوونی بنـەماو مەسـەلە سـەرەکیەکان و پەروەردە بوونی گونجاو وێڕای ئەو فـێرکردنی تـر دەخرێتـە بەردەستی، واتـە پاش پـەروەردە کـردن فـێرکردن کـامڵ دەکرێت و تەنیا بەم شـێوەیەیە کـە ئـەو زانـین و فێرکردنـە سودی پێ دەگەیەنێت و زیانی نابێت بۆی. کەواتـە کـاتێک دەڵێین [فێر کردن لەدوای پەروەردەکردن] بە دوو مانایە:

١- بایەخی فێرکردن بە نیسبەت بایەخی پەروەردەکردن سانەویەو لقەو بەشێکە، واتە ئەگەر خوێندەواریو زانسـت هـەبێت بـەڵام پـەروەردەی ڕێـک و پێـک نـەبێت ئـەو خوێنەواریو زانستە لەوانەیـە هیـچ سـودێک نەگەیـەنێت و تەنانەت زیان بەخشیش بێت بۆی.

٢- فێرکردن کۆمەڵەیەکی زۆر گەورەو بێ پایانـە، ئـەو کۆمەڵـە بـێ پایانـە ڕادەیـەکی زۆر کـەمی -لەوانەیـە لـە ١٪ی- بکەوێتە پێش پەروەردە کردنەوە ئەو ڕێژە کەمـەش بریتیـە لـە ناسینی مەسـەلە گشـتیو سـەرەکیەکانی بونەوەر کە مـرۆڤ فـێردەکرێت و شـارەزا دەکرێـت لێـی، و

هاورێک لەگەڵ ئەو زانینەدا دەبێت پەروەردە بکرێت باقی ٩٩٪ کەی تری فێر کردن دوا بەدوای پەروەردە کردن دێت.

بەم دوو ئیعتیبارە لە سەرجەم دا پەروەردە لە پێش فێرکردندایە.

ئێستا ئەو باسە گران و درێژەی دەرسی ڕابردوو بەم شێوەیە کورت دەکەمەوە، کە جیاوازی -دین- [ئەرکێک کە پێغەمبەران -ص- هەیانە] لەگەڵ بەرنامەکانی مرۆڤدا لەم بنەڕەت و مەسەلە سەرەکی‌یەدا کە قورئان لە چەند ئایەتێکدا فێرمان دەکات دەردەکەوێت ﴿يتلوا عليكم آياتنا ويزكيكم ويعلمكم الكتاب والحكمة﴾و پاشان ﴿ويعلمكم ما لم تكونوا تعلمون﴾.

بە شێوەیەکی کورت ئەرکی سەرشانی محمد ﷺ ئەمەیە کە سەرەتا هەموو خەڵک بەرەو هەق و هەقیقەت و ژیانی چاک و شتە بایەخ دارەکانی ژیان دەعوەت دەکات و بانگیان دەکات بۆ ڕزگاری لە سەرگەردانیو بایەخ دان بەچاک و ڕاست ژیان، هاوشان لەگەڵ جیاوازی جۆراوجۆری ئەو کەسانەی کە بیرو ژیانیان وەک یەک نییە، هەندێک

زۆر زوو دوای دەکەون و ئامادەن تا هەق قبوڵ بکەن، دیارە ئەمانە زووتر بەرەو بانگەکەی ئەو دێن وە کەسانێکی تریش بەپێی ڕێـژەو ڕادەی جیـاوازی خۆیـان بـەدوایاندا دێـن، بـۆ کەسـانێک کـە هـەقیان قبـوڵ کـردووە زۆر زوو مەسـەلەی زیادکردنی زانینـەکان نابێتـە مەسـەلەیەکی گرنـگ بۆیـان، بـەڵکو بنـەما سـەرەتاییەکانیان فـێر دەکرێـت و پاشـان بەپێی ئەو فێرکردنە پەروەردە دەکرێن.

پاش ئەم قۆناغـەیە کە نۆرەی فێرکردنی باقی زانینـەکان دێـت ﴿ويعلمكـم الكتـاب والحكمـة﴾ چ دەربـارەی دیاردەکانی بوونەوەر [هـەم مـرۆڤ و هـەم بـاقی دنیـا]و چ دەربـارەی ڕاسـت و دروسـتی ژیـانی مـرۆڤ وە پاشـان فـێر بوونی ئەو شتانەی کە پێویستە.

بەڵام هیچ کاتێک مرۆڤ بەبێ ڕێنمایی پێغەمبـەران - ص- ناتوانێت ئەو شتانە بزانێت. ئەگەر بـەوردی سـەیرێکی مێژووی زانست بکەین و شی بکەینەوە ئـەم مەسـەلەیە زۆر ئاشکرایە کە زانایـانی هـەر سـەردەمێک کـاتێک هۆشـیان خستۆتە گەڕ [بگوزەرین لە هیدایەتە الهیەکان] دەسـتیان

کردووه بە چالاکی لە زەمینەی زانستی‌دا سەرەکی‌ترین مەسەلەکە بۆیان پێش هاتووه ئەمە بووه کە:

بونەوەر چی‌یە؟

مرۆڤ چی‌یە؟

ئەمانە سەرەتایی‌ترین مەسەلەیەکن کە لە یەکەم قۆناغی جولانەوەیەکی فکری‌دا هاتونەتە گۆڕێ پاشان وردە وردە ئەمانە بونەتە بناغەی پەیدا بوونی بیرە فەلسەفی‌یەکان واتە تۆژینەو چالاکی بیری بۆ پەیدا کردنی وەلامی ئەم دوو پرسیارە.

دوای ئەم دوو شتە سەرەکی‌یە کەوتونەتە تاوو تویێ کردنی مەسەلەکانی تر بەهەمان شێوەی ڕابردوو واتە بەو پەڕی گەورەیی‌و نرخ دانان بۆ زانستەکان [زۆر بە کورتی ئەم مەسەلەیە بەیان بکەم].

پاشان قۆناغی جیاواز ڕابردووه بەسەر ئەم هەولانەداو چالاکی هۆشی مرۆڤەکان لە بارەی بونەوەرو مرۆڤەوە لە سەرەتای بوونەودر تا ئێستا گەیشتونەتە زۆر مەسەلەی وردو فەرعی‌و لق و پۆپ.

ئەم باسە سەرەکیو وردانە [أصلي و فرعي] دەست بەدەست هاتووە تا سەرئەنجام سێ لقی لێ جودا بۆتەوە:

١- الهيات: یان فەلسفەی أعلی کە دەربارەی ئەسلی بوون دەدوێت و ئەم زانستە هەمیشە لە پلەی یەکەمدایە.

٢- طبيعيات: دەربارەی هەموو ئەو شتانەی لە ئاسمان و زەویو لە بونەوەردا هەن دەدوێت کە چین و چۆنن؟

٣- رياضيات: دەربارەی نیسبەتی دیاردەکانی بوون و شێوەکانیو ژمارەکان دەدوێت و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا.

سەرجەم فەلسەفە بریتی بووە لەم سێ لقە سەرەکییە، پاشان بەو شێوەیە کە دەزانین چالاکی بیری هەر بەردەوام بووەو لەم زانستانە لق و پۆپی تری لێ جیا بۆتەوە.

بە بەردەوامی هەر رۆژێک لە هەر زانستێک لقێکی تازە جیا دەبێتەوەو پاشان ئەو لقە دەبێتە زانستێکی سەربەخۆو بەم شێوەیە هەر دەڕوات و بە ژمارەی زانستەکان زیاد دەبێت.

ئەم کورتەیە پێوانەیەکی سادەو دروستە لەدەست ئێمەدا تا بزانین کە زانستەکان چۆن دەستیان پێ کردووەو چ قۆناغ

و گۆڕانکاری‌یەکیان بەسەردا هاتووە تا گەیشتۆتە ئێستا.

ئەگەر بمانەوێت لەڕووی بنەمایەکی دروستەوە لەهەر مەسەلەیەک بکۆڵینەوەو ئەگەر ببینین کۆمەڵێک مەسەلەی جیاواز هەیە کە لە لایەنێکەوە بە یەکەوە پەیوەستن، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ڕووی یەکبونی ئەو مەسەلانە واتە ڕیشەو بناغەکەیان بزانین و پاشان بکەوینە نوێ کردنەوەی مەسەلە فەرعی‌یەکان، ئەمە هەوەڵێن شتە لەهەر زانستێکدا.

بۆ نمونە دەربارەی زانستی -نحو- گرنگ ئەوەیە بزانین -کلام- چی‌یەو تەرکیباتی -کلمات- لەگەڵ یەکتریدا چۆنن.

لە زانستی -صرفدا- گرنگ ئەوەیە بزانین -کلمة- چی‌یەو گۆڕانکاری‌یەکانی کە بەسەریدا دێت چۆنە.

لە ماتماتیکدا گرنگ ترین شت زانینی -عدد- ژمارەکانەو کەم و زیادەی ژمارەکان چۆنەو تایبەتمەندی‌یەکانی ژمارەکان چی‌یەو ئەو کارە سەرەکی‌یانەی بە -اعداد- ئەنجام دەدرێت کامانەیە.

لەهەر زانستێکدا تا بنەمای سەرەکی واتە ئەو سیفات و ئەحوالەی کە لە گشت مەسەلەیەکدا هەیەو پێی دەوترێت -موضوع- نەزانرێت هەوڵ دان بۆ زانینی مەسەلە فرعی‌یەکان پوچ و بێ هودەیە.

لە ڕووی تۆژینەو نەش و نمای مێژوویی زانستەکانەوە حاڵی دەبین کە مەسەلەی سەرەکی زانستەکان چی بووە؟

مەسەلەی سەرەکی گشت زانستەکان ئەمە بووە کە بوونەوەر چی‌یەو مرۆڤ چی‌یە؟

ئەمانە سەرەتایی‌ترین مەسەلەیەکن کە مرۆڤ دەربارەیان بیری کردۆتەوە. ئا لێرەوە کە بونەوەر چی‌یە؟ وە مرۆڤ چی‌یە؟

وردە وردە جولانەوەی هۆشیو بیری -فکری- دەستی پێ کردو ئەم لق و فەرعانە بەدی هاتن.

ئێستاش بۆ ئەوەی هەوڵ و تەقەلای ئێمە لەسەر بناغەو مەبنا بێت و کۆششێکی زانستیو مەنتیقی بێت و کارکردنمان لەگەڵ زانستە جیاوازەکاندا دروست بێت و دڵنیابین کە لەو زانستانە بەهرەی دروست دەبەین، دەبێت

پـەیوەندی ئـەم زانســـتانە [کـــە هـــەر یەکـــەیان وەک مەسەلەیەکن و فەرعێکن بۆ مەسەلە سەرەکییەکە] لەگـەڵ ڕیشەو مەوزوعەکانیاندا بەرقەرار بـن و ڕازی ئـەو مەسـەلە سەرەکییەمان پەیدا کردبێت واتە بە شـێوەیەکی سـەرەکیو بنەمایی بزانین کە بونـەوەر چییـەو مـرۆڤ چییـە؟ لەبـەر ئەوەی بونەوەرو مرۆڤ ڕیشەو مـەوزوعی سـەرەکی هـەموو زانستەکانن ئاشکرایە ئەگەر کەسێک نـەزانێت عـدد چییـە هەرچی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی مەسەلە ئاڵۆزەکانی ڕیاضیات تێ بگات هەر کـارێکی بـێ هـودەو پـوچ ئـەنجام دەدات و ناتوانێت لەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەی سود وەربگرێت.

مەسەلەی سەرەکی هەموو زانستەکان خودی مـرۆڤ و بوونە، بوون وەک ئەو کۆمـەڵەیـەی کـە مـرۆڤ کـاری تێـدا دەکـات و مرۆڤیـش خـۆی وەک مـوزوع و ئەسـڵێک کـە خەریکی کار کردنەو دەیەوێت لە بونەوەر سود وەربگرێت بۆ خۆی.

ئێمە تا کـاتێک کـە بـە شـێوەیەکی گشـتیو سـەرەکی مـرۆڤ و بـوون نەناسین هـەوڵمان بـۆ ئـەوەی لـە وجـودی

خۆمـان و بـەهرەکانی بونـەوەر ســودی باشـتر وەربگریـن هەروەکو هەوڵی ئەو کەسە وایە کـە ژمارەکـان ناناسێت و خەریکی فێربوونی ریاضیاتە، ئەم کەسە چۆن لـە زەحمـەتی خۆی سوود وەرناگرێت ئێمەش لە ڕەنجی خۆمـان نـاتوانین سودی باش وەربگرین ئەمە بنامەیەکی زۆر سـادەو سـاکارو ڕۆشنە.

بـەم دەلیلەیـە کـە لـە -دیـن-دا بنـەما بریتیـیە لــەو مەسەلە سەرەکیانەی کـە هـەموو زانسـتەکان پشـتی پـێ دەبەسـتن هـەموو زانسـتەکان لـق و پۆپـی ئـەم مەسـەلە سەرەتاییو بنەڕەتیـیەن کە لە -دین-دا پێـش هـەر شـتێک فێری مرۆڤ دەکرێت.

کاتێک دەتـەوێت کەسـێک فـێری ماتمـاتیک بکـەیت سـەرەتا ژمارەکـانی فـێر دەکـەیت، ئەگـەر بـەم شـێوەیە نەکەیت توانای ئەو کەسە لەناو دەبەیت و سەر پێیـی فـێری دەکـەیت، دیـن هـەم لـە سـەرەتاوە سـەرەتاییترین و ئەساسـیترین مەسـەلە بـۆ هـەموو بوونـەوەرو هـەموو زانستەکان فێری مرۆڤ دەکات نەک سەرپێیی پەروەردەمان

بکات و زانسته جۆراو جۆرەکانمان فێر بکات.

بە کورتیناسینی فراوانی شتە فەرعی‌یەکانمان پێ بدات لە کاتێکدا کە مەسەلە سەرەکی‌یەکانی بونەوەر -کە هەموو زانستەکان پشتی پێ دەبەستن- نەزانین.

ئێستاو هەر کاتێک بتەوێت مێژووی هەر زانستێک بزانێت و بگەڕێیتەوە بۆ دواوە بەهەمان مەسەلەی سەرەکی دەگەیت.

بۆ نموونە میکرۆب ناسی لەسەر بناغەیەک دامەزراوە؟

لە کوێوە هاتووە؟

ڕابردووی تاوو توێ بکە دیسان بە زانستە سەرەکی‌یەکە دەگەین، قۆناغ بە قۆناغ ڕیشەیی ترو سنوردارتر دەبێت و تا سەرئەنجام دەگاتە ئەو سێ لقە سەرەکی‌یەو پاشان بەدوو پرسیاری سەرەکی کە بونەوەر چی‌یە؟

مرۆڤ چی‌یە؟

کەواتە ئەو دوو زانستە مەسەلەی سەرەکی تەواوی زانستەکانن.

کاتێک تەقەلەی جۆراو جۆری ئێمە ئەنجامی دەبێت و

سودمەند دەبێت کە سەرەتا مەسەلە سەرەکیەکان فێر بین واتە ڕازو نهێنی وجودی مرۆڤ و بونەوەر.

شێوازی دین کە قورئان بەیانی دەکات بەم شێوەیە ﴿يتلو عليكم آياتنا ويزكيكم﴾ تەزکیە یەعنی چی؟

واتە: دامەزراندنی شەخسیەتی مرۆڤ، دەروونی مرۆڤ، دابین کردنی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگەی ناسینە سەرەکیو ژێرخانیەکانەوە، پاش ئەمە دەتوانێت هەر زانستێک فێر بکرێت، بەو شێوەیەی کەسێک ئەگەر بیەوێت ماتماتیک فێربێت، دەبێت سەرەتا ژمارەکان فێربێت و پاش ئەمانە هەوڵ دەدات بنەماو یاساکانی تر فێر بێت، مرۆڤ دەبێت بنەماو مەسەلە سەرەکیەکان بە دروستی فێربێت بە شێوەیەک کە شەخسیەتی مەعنوی ئەو کەسە لەگەڵ تێگەیشتنیدا هاو شێوە بێت.

پاش ئەم سەرەتایە هەرچیەک فێر دەبێت بەسودەو لە هەموو زانستەکان بەڕێک و پێکی سود وەردەگرێت بە شێوەیەک کە هیچ کاتێک ئامادە نیە بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات بۆ نابوت کردنی مرۆڤ، بۆمبی میکرۆبی

دروست بکات، بۆ بەدبەخت کردنی مرۆڤ هەرگیز ئامادە نی‌یە هێرۆئین و کۆکائین پێک بهێنێت، هەرگیز ئەمانە ناکات چونکە لە سەرەتادا لە شەخسیەت و بوون و مرۆڤێتی مرۆڤانەی خۆی بە شێوەیەکی باش بەهرەمەند بووەو تێگەیشتوە، لەبەر ئەمەیە لە کارەکانی دوایی‌دا باش هەڵوێست وەردەگرێت.

ئەم سەرگەردانی‌یەی‌و ئەم هەموو بەرنامەو کردارە نادروستانەی کە مرۆڤ هەیەتی‌و ئەو هەڵس و کەوت و دەست تێ وەردانە هەڵەیە کە لە بونەوەردا دەیکات و ئەم بەکارهێنانە نادروستەی لە زانست و توانای خۆی دەیکات کە دەبێتە هۆی دروست کردنی هەندێ شت کە دەبێتە مایەی نابوتی‌و بەدبەختی مرۆڤ وەک کاری ئەو کەسە وایە کە نازانێت ژمارە چی‌یە بەڵام بنەماو یاساو مەسەلە جۆراو جۆرەکانی ماتماتیکی لەبەر دەستدایەو ئەگەر پێی بوترێت خانویەک دروست بکە شتێک دروست دەکات کە بەسەر خەڵکی‌دا دەڕوخێت و بەکوشتنیان دەدات و نەخشەو حسابەکەی هەڵە دەردەچێت، هۆی هەموو بەدبەختی‌یەکانی

که بەسەر مرۆڤدا هاتووە ئەمەیە.

بنەمای پەروەردەی ڕاست و دروستی دینی ئەمەیە کە هەندێ شت بە -أصول- دەزانێت کە لە ڕاستیشدا -اصول-ن و ناسینی سەرەکیو ژێرخانین بۆ ناسینی هەموو شتەکان. ناسین و زانینی ڕازەکانی بوونی مرۆڤ و بونەوەر کە: بونەوەر لە خۆیەوە بەدی نەهاتووەو ئەم شێوەیەی لە خۆیەوە بەدی نەهێناوەو ئەم ڕێک و پێکییە بەخۆڕایی نییە، ئەمانە یەکەمین وشەو سەرەتاییترین وەڵام و شی کردنەوەیە کە مرۆڤ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی بونەوەر چییە؟ پەیدای دەکات.

پاشان مرۆڤ دروست کراوێک نییە هەرواو لەخۆیەوەو بەڕێکەوت ئەم شێوە گەورەو ئاڵۆزەی پەیدا کردبێت و بەڕێکەوت ڕێی کەوتبێتە گۆی زەویو هەرچۆنێک ویستی باش یان خراپ لەم سەر زەمینە بجولێتەوە، خالقێک کە ئەم بونەوەرەی بەم ڕێک و پێکییە دروست کردوە ئەو توانایەشی داوە بە مرۆڤ کە سودی لێ وەربگرێت، بەهرەی فراوان و کەرەسەی زۆری بەخشیوە بە مرۆڤ و هەروەها

توانـای زۆری پـێ دراوه تـا لـەو بەهرانـە سـود وەربگرێـت، بونەوەر بۆ مرۆڤ و مرۆڤ گونجاوه لەگەل بونەوەردا.

پاش ئەمانە دەزانین مرۆڤ یـەکێ لایەنـە نیـیـە [وەکـو گیانداران کە یەکێ لایەنیـە] بـەلکو دروسـت کراوێکـە بـە سـەدان لایەنـەوە، مـرۆڤ دەتوانێـت لـە مـەیدانی چـاکیو خراپی-دا سەدان جۆر بـژی، هـەر ئەمـە دەری دەخـات کـە دروسـت کراوێکـی سـادەو هـەروەها نیـیـە کـە وەکـو بـاقی گیانداران بمرێت و ئیتر تەواو، نەخێر، لە لایەکەوە کە ئـەم هەموو شتەی پێ دراوەو پاشان توانای ئەوەی کە دەتوانێـت ئەم شتانە بەهەلـە یان بەڕاست بەکار بهێنێت و بۆ خۆیو بۆ خەلکێ چاکترین یان خراپ تریـن مـرۆڤ بێـت بەلگـەن بـۆ ئەوەی کە ئایندەیـەکێ لـە گۆڕێ دایـەو پـاش مـەرگێ ژیـان کۆتایی نایە چونکە ئەگەر ٧٠ یان ٨٠، ١٠٠ یان ٢٠٠ یان ١٠٠٠ سال تەمەن بدرێت بە مرۆڤ دیسان کەسانێکێ پەیدا دەبن کە ئەگەر ٢٠ سال خراپە بکەن بە ئەندازەیەکێ خراپـە دەکەن کە باقی هەزار سالەکە بۆ سزادان و وەرگرتنی مافی خـەلکی تـەرخان بکـەیت پـێ ڕانەگـەیت و بـەس نـەبێت،

کەسێکێ کە ملیۆنەها مرۆڤ تووشی ڕەنج و ئازاری گەورەو بچوکێ دەکات و نەخشەی هێندە خائینانە دادەنێت کە ئەگەر هۆکاری دەرەکی نەبێتە ڕێگر بۆی هەتا هەتایە مرۆڤایەتی داماو دەبێت بەدەستیەوە، ئەگەر ئەم کەسە ٢٠ ساڵ خیانەت بکات و باقی هەزار ساڵەکەی تەمەنی بەسزاوە بگوزەرێنێت ئایا هەقی زەرەرو زیان و ڕەنج و ئازاری خەڵکێ کراوەتەوە؟ بێ گومان نەخێر، مرۆڤایەتی مەزلوم بە دەستی ئەم خائینانە تووشی سەرگەردانیو بەدبەختیو نەزانیو زوڵم و (ئیمتیازات) زیادە بەشانەی ناهەق و فەرق و فروقێکێ ئەبێت کە کۆتایی نایە، لە بەرامبەردا ئەگەر کەسێکێ پەیدا بێت بۆ نمونە ئەم هەزار ساڵەی تەمەنی خۆی لە ڕێگای چاکەو خزمەتی خەڵکدا بەسەر ببات ئەگەر ١٠ هەزار ساڵی تر بژی ئایا دەتوانرێت پاداشتی خێرو چاکەیەکێ کە مرۆڤایەتی لە ڕەنج و زەحمەت و فیداکاری ئەو بەدەستی کەوتووە پێی بدرێتەوە؟

هەرگیز.

مرۆڤ بە تێکڕایی ئەمەی دەرکێ کردووە کە ئەم دروست

کراوە ئاڵۆزە بەم ئیختیارە فراوانەو ئەو هەموو پێداویستیە زۆرەوە کە لەبەر دەستی دایە دروست کراوێک نی‌یە کە چوار ڕۆژی تەمەنی دنیا بۆ سزای خراپەکان و پاداشتی چاکەکان بەس بێت، دەورانی ژیانی دنیا زۆر کەمترە لەوەی کە بتوانێت بۆ دەورانی پاداشت دەست بدات. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک سەیری واقیع دەکەین دەبینین کە هەندێ لە مرۆڤەکان تا دوا هەناسەی تەمەنیان هەر خەریکی خیانەتن بە خەڵکی‌و یەک ڕۆژیش سزای ئەم خیانەتەیان نەدیوەو دەمرن، وە کەسانێکی تر هەموو تەمەنیان تەرخان دەکەن بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی‌و لەپێناوی ڕزگاری مرۆڤ لە چنگی زوڵم و زۆرو فەسادو درۆو فریوکاری‌و تەزویردا، سەختی‌و ڕەنجێکی زۆر دەکێشن و تا دوا هەناسەی تەمەنیان یەک ڕۆژ بەخۆشی‌و ئاسایش ناژین و دەمرن، چۆن و پاداشتی ئەم کەسە چی لێ هات؟

مرۆڤایەتی‌و ویژدانی هۆشیاری مرۆڤ ئەمە دەزانێت و دەرکی دەکات کە ئەمانە هەروا بە هەدەر ناڕۆن و ون نابن، ئەوەی هەر خراپەیەکی کرد هەروا ڕابردو ئیتر هیچ؟

وه ئەوەی هەر چاکەیەکی کرد تەواو بێت و بڕوات؟

ویژدانی قوڵی مرۆڤانە دەزانێت کە نەخێر بەم شێوەیە نییە، چونکە ئەگەر ویژدانی مرۆڤ ئەمەی دەرک نەدەکرد هیچ کاتێک نەیدەوت چاکیو خراپی، چاکیو خراپی مانای چییە؟

کاتێک مرۆڤ هەر خراپەیەکی کردو ئیتر تەواوو لێ پرسینەوە نەبێت ئەوەی تر هەم هەر کارێکی چاکی کردو ئیتر تەواوو هیچ پاداشتێک لە نێواندا نەبێت کەواتە چاکی یانی چی؟

خراپی یانی چی؟

بەڵام ویژدانی مرۆڤ ئەمە دەزانێت کە نەخێر ئەم کەسە خراپە دەکات و خیانەت دەکات و ئەو کەسەی چاکە دەکات و خزمەت دەکات وەک یەک نییەو دەشزانێت کە سەرئەنجامی هەردووکیان وەک یەک نییە، کەی لەم دنیایەدا ئەنجامی چاکی یان خراپی دەردەکەوێت؟

تەمەنی هەموومان تەواو بوو، چاکەکان و خراپەکان هەموویان مردن و هیچ کەس پاداشتی نەدی.

دین سەرەتا ئەم وشە سەرەکیانە فێری ئێمە دەکات نە شتە فرعیەکان. لەبەر ئەوەی سادە فێرمان نەکات و بۆ ئەوەی حاڵمان وەکێ ئەو کەسە نەبێت کە هێشتا ژمارە نازانێت هەوڵ دەدات مەسەلە ئاڵۆزەکانی ریاضیات حەل بکات، سەرەتا لە مەسەلە سەرەکیەکانی بونەوەرو خۆمانەوە فێرمان دەکات، کە بونەوەر شتێکی ڕێکەوت و بێ سەرەتاو ئەنجام نیەو مرۆڤیش مەوجودێکی بەڕەڵا کراو نیە کە ئەگەر کردەوەی چاکێ یان خراپ ئەنجام بدات جیاوازی نەبێت بۆی.

پاش ئەم مەسەلە سەرەکیانە زانینمان دەربارەی بونەوەرو مرۆڤ زیاتر دەکات و هەر لەبەر ئەمەیە هەرچی بەرەو پێش دەڕۆین و زۆرتر دەزانین هەمووی بەسوودو بەجێ دەبێت چونکە بنەمای دەرکێ و تێگەیشتنمان و ڕۆحیەو ڕەوشتمان لەسەر بنەمایەکی ڕێکێ و پێکێ و دروست دانراوە.

هۆکاری سەرەکی لەمەدا کە دین پەروەردە کردنی خستۆتە پێش فێرکردنەوە ئەمەیە، نەکێ ئەوەی هیچ شتێکێ

فێری مرۆڤ نەکات یان بەبێ ئەمەی ناسین و زانینی پێ بدات پەروەردەی بکات، بەم شێوەیە هەرگیز نابێت، لەبەر ئەوەی لە جیهان بینی دین دا پەروەردە واتە: دروست کردنی شەخسیەتی مرۆڤ هاوشان و گونجاو لەگەڵ زانین و ناسینەکانیدا.

لەبەر ئەمە دین لە سەرەتادا زانینە سەرەکییەکان فێری مرۆڤ دەکات، چونکە ئەو زانینانە دروست و بەجێن و لەڕۆح و ڕەوانی مرۆڤدا جێی خۆیان دەکەنەوە ڕۆح و ڕەوان و باقی هەل و مەرجەکانی تر کە بۆ پێک هێنانی شەخسیەتی مرۆڤ پێویستن و گەشەی پێ دەکەن.

لە کۆڕی پێشودا وتمان:

١-کە جێبەجێ کردنی گشتیو هاو هەنگاوو یەک جۆ.

٢-وە هەروەها بوونی پەروەردەکەرێکی خاوەن شەخسیەتی ڕێک و دروست.

(ئەم دوو مەرجە سەرجەم) زەمینە ساز دەکەن کە ئەو ناسین و زانینە سەرەکییانە لە مرۆڤ دا کار بکەن و شەخسیەتێکی ڕێک و گونجاوی وێڕای زانینەکانی پێ

بدات.

واتە ئەگەر شێوازێکی دروستی پەروەردە کردن هەبێت ئەوجا مرۆڤ بە دروستی پەروەردە دەبێت، وە پاش پەروەردە کردن وردە وردە زانستی زیاتری دەست دەکەوێت.

دەبینین مرۆڤ (سەرجەم) زۆربەیان دەکەونە هەڵەوە گومان دەکەن و وا دەزانن کە -زانست- یان -فەرهەنگ- [ڕۆشنبیری] مایەی ڕزگاری مرۆڤە لە کاتێکدا زۆر هەڵەیە، نە زانست و نە کەلتور هیچیان مایەی ئاسودەیی مرۆڤ نین.

زۆر میللەت هەن کە خاوەنی فەرهەنگی زۆر گرنگ و گەورەن بەڵام خۆیان هیچ و پوچ و نەگبەتن و پەروەردە کردنیان لەسەر بنەمای خێرو خێرخوازی نییە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا پێشکەوتوون بەڵام پوچن.

تەنانەت دەبینین کە لە قورئاندا لە پێغەمبەرێکی گەورەی وەک حەزرەتی ابراهیم -ﷺ-لە کاتی بەجێ هێشتنی خێزانەکەی و منداڵەکەی لە دەورو بەری ماڵی خوادا لەو بیابانەدا چەند دۆعایەک دەگێڕێتەوە کە بۆ

نەوەکانیو ئاییندەیان دەکات کە یـەکێکیان ئەمەیـە ﴿ربنا واجعل فيهم رسولا منهـم يتلـو عليهـم آيـاتك ويعلمهـم الكتاب والحكمة ويزكيهم﴾ سەرنج دەدەین کە حـەزرەتی ابراهیـم -ص- هـەروەک دەرک و زانینـی گشـتی مرۆڤـی سەدەی بیستەم وای زانیوە کە بنەمای سەرەکی ئەوەیە کـە خەڵک زانستی فراوانیان هەبێت و پاشان پەروەردە دەبن.

بـەڵام قورئـان کـاتێک حاڵـەتی هەمیشـەییو تایبـەتی پەیامی پێغەمبەرﷺ بەیان دەکـات حاڵیمـان دەکـات کـە نەخێر پێوانەی بایەخ دار بۆ مرۆڤ سازی بەشێوەیەکی تـرە ﴿كمـا أرسـلنا فيكـم رسـولا منكـم يتلـو عليكـم آياتنـا ويزكيكم ويعلمكم الكتاب والحكمة﴾ حاڵیمـان دەکـات کـە ئـەوەی لـە دۆعـاکـەی حـەزرەتی ابراهیـم دا -ص- لـە قۆناغی چوارەم دا بەمەرج گیراوەو پێشبینی کراوە یەکسەر دوای بانگەوازی گشتی بەرەو هیدایەت دەست پێ دەکات و دوای- يزكيكم -ە کە -تعليم كتـاب وحكمـت- دەست پێ دەکات، ئەمە کورتەیەک بووە لەو باسەی کە لـە کۆڕی پێشوودا باس کرا.

ڕازی ئەوەی لە ئیسلامدا تا ئەم ئەندازەیە بایەخ دراوە بە پەروەردە کە دەکەوێتە پێش فێرکردنەوە [لە کاتێکدا پێشبینی مرۆڤ هەمیشە بە پێچەوانەوە بووە] ئەوەیە کە لەبارەی پەروەردەوە وتمان، واتە لە سەرەتاداو پێش هەر شتێک زانست و زانینە سەرەکی‌یەکان فێری مرۆڤ دەکات پاشان هاوشان لەگەڵ ئەم شتە سەرەکی‌یانەدا شەخسیەتی بۆ دیاری دەکرێت واتە: بنەما سەرەکی‌یەکان بزانێت و شەخسیەتی لەگەڵیدا گەشە بکات و تەنیا پاش ئەمەیە زانیاری‌یەکانی زیاتر بکات.

نەخۆشی دنیای ئەمڕۆ لەبەر دوو هۆیە:

١- وا هەست دەکەن کە فێرکردن گرنگە [لە ئێراندا بەڕەسمی دەڵێن -وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە- فێرکردن پێش پەروەردە خراوە].

٢- وا هەست دەکەن کە پەروەر... ئەمەیە کە: مرۆڤ بکرێتە گیاندارێکی بێ هەست و دەرک و بەزۆرەملی پێی بوترێت ئەمە یان ئەوە بکە، یان وشک و بێ مەنتیق هەڵس و کەوت و ڕەفتارێکی فێر بکرێت، بەم شێوەیە کە مرۆڤی

ئەم سەردەمە دەبینین کە دەڵێن ئەمانە (مبادئ آداب)ن و (معاشرتین) کە لە ڕاستیدا واتە مەیمونن، تەنیا ئەمەو ئیتر هیچ.

دنیای ئەمڕۆ ئەمەی دەرک نەکردوە لە کاتێکدا وەک ڕونمان کردەوە پەروەردە لەپێش فێرکردنەوەیە، پەروەردە بەو مانایە نییە کە بەزۆری یاسا یان بەخاتری فەرهەنگ و داب و نەریت بە مرۆڤ بوترێت: ئەمە بکەو ئەمە مەکە، نەخێر ئەمە نییە، بەڵکو پەروەردە ئەمەیە کە لە سەرەتادا بنەماو خاڵە سەرەکییەکانی هەموو ئەو شتانەی کە بڕیارە لە ئایندەدا فێر ببێت بزانێت، دوای فێر بوونی خاڵە سەرەکییەکانی شەخسیەتی بەپێی ئەو زانینە گەشە بکات و بێتە گۆڕێ واتە لە -دڵ-دا جێگیر بێت و تەنیا -زانینی هۆشی- نەبێت و بگۆڕێت بە تێگەیشتن و دەرک کردن و باوەڕ -ئیمان-.

کەواتە بەرنامەی ئێمە لەم دەرسانەدا بریتییە لەو مەسەلەیەی کە وتمان، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا وتمان کە: ئێمە لە ئەرک و فرمانی ڕابەران و مامۆستایانی ئەم

پەیمانە قورئانی‌یە وا تێگەیشتووین کە:

١- گەیاندنی پەیامی ئاسمانی قورئان: يتلو عليكم آياتنا و پاشان یەکسەر قۆناغی پەروەردە دێت بۆ ئەو کەسانەی کە نیەتێکی سالم و ئامانجێکی دروستیان هەیەو وەڵامی بانگی هەق دۆستیو پارێزگاری هەق دەدەنەوە.

مەبەست ئەمەیە کە هەموو مرۆڤێک کاتێک بانگی هەق دەبیستێت وەڵام دانەوەو کاردانەوەیان وەک یەک نی‌یە، مرۆڤایەتی بە پێی شێوەی بیر کردنەوەو ڕۆحیەو ئاوات و ئارەزووەکانیان و شێوەی ژیانیان لە بەرامبەر بانگەوازی هەقدا حاڵاتی جۆراو جۆریان دەبێت، هەندێکیان زۆر بێزارو تورە دەبن، چونکە بانگی هەق لە بەرامبەر باوەڕو بیرکردنەوەیاندا ڕاوەستاوە.

هەروەکو هەندێ لەو خەڵکە مەزلوم و فریودراوە کە سەر بە سۆفی‌گەرین و بەڵام لە ڕاستی‌دا دووچاری شرک و بت پەرستی بوون کاتێک بانگی توحید دەبیستن [کە لە کرۆکدا دینی خودا واتە توحید] نارەحەت و تورە دەبن، تەنانەت بیستومە کە لە کۆڕێکدا باسی من کراوە یەکێک

لەو مەلایانەی -کە تەنیا ناوی مەلایە- وتویەتی وێڵی بکەن ئەو -موحدە- و بە کەڵکێ نایەت و بۆ باس کردن نابێت، زۆر سەیرە مەلا بێت و ڕابەری دین بێت و بێزاری خۆی دەرببڕێت لە کەسێک لەبەر ئەوەی -موحدە-.

کەواتە دین یانی چی؟

واتە شرک؟!!!

کەسێک بەم بیرەوە کاتێک بانگی هەق دەبیستێت بێ شک ناڕەحەت دەبێت و کاردانەوەی توندو تیژی دەبێت چونکە خۆی لەو جۆرە بیر کردنەوەدا نوقم بووەو تەواوی خۆشەویستیو هەست و بیرو ئارەزووەکانی لەسەر ئەم جۆرە بیرە دامەزراوە مەگەر کاتێک وردە وردەو هەنگاو هەنگاو کاری لەگەڵدا بکرێت تا بنەمای ئەو بیرە هەڵەو نادروستەی ئێستای سست بێت و هێواش هێواش بەرەو ڕێگای ڕاستەقینە بگەڕێتەوە.

جۆرێکی تر هەن لەبەر ئەو شێوە ژیانە ماددیەی کە بۆ خۆیان هەڵبژاردوە لە بانگەوازی هەق بێزارن، کەسێک کە بە زیادە بەشانەوە -ئیمتیازات- دەژیو بەفیزو خۆ

بەگەورە زانینەوە دەژیو ناز دەکات بەسەر خەڵک داو دەیانچەوسێنێتەوە هەق وردو داغانی دەکات بێ شک کە نارەحەت دەبێت چونکە هەموو زیادە بەشانەکەی لەناو دەچێت.

هەن کەسانێک کە نەبیرو باوەڕیان پوچ و فاسدو شێواوەو نە ژیانیان بەو جۆرەیە دژ بەخەڵک بێت.

یان لەوانەیە بیرو باوەڕی خراپ بێت و ژیانیشی بە زەرەری خەڵک، بەڵام بەتەواوی لە هەموو لایەنێکەوە ڕەش و تاریک نەبووە، ئەم کەسانە بەپێی ڕادەی تایبەتمەندی ڕەوشتیان و لایەنە جۆراو جۆرەکانی گرنگ لە ژیانیاندا دابەش دەبن بە پلەی جۆراو جۆردا.

دانە دانەیەک هەن کە زۆر زوو دەنگی هەق دەبیستن و حاڵی دەبن کە کۆمەڵەکەیان چەند فاسدو پوچ و پیسە بەو پەڕی تواناوە پێشوازی لە هەق دەکەن.

وە هەن کەسانێک تا ماوەیەک لە گوماندا دەبن و وردە وردە بەرەو هەق دێن و هەن کەسانێک گومانیان زیاترە بەڵام جگە لەمانەی کە باس کرا دەستەی چەوسێنەر -ملأ-

ئەوانەی کە ڕەنگی گشتی ژیان و بیرو بایەخە ئەخلاقی‌یەکانیان لەسەر بناغەی زیادە بەشانە -ئیمتیازات- دامەزراوەو بەخۆیانی دەڵین -ماقوڵ- و بە خەڵک دەڵێن -ناماقوڵ-و بایەخ زیاتر بۆ خۆیان دادەنێن و بۆ خەڵک هیچ، ئەم دەستەیە زۆر سادەو ئاسایی -سواء علیهم ءأنذرتهم أم لم تنذرهم لا یؤمنون- ڕێگای ئەمانە ڕێگای -ئیمان- نی‌یە، کاتێک مەسیری ژیانیان بەم شێوەیە بێت و ماوەیەکی زۆر دەنگی هەق بە شێوەیەکی پاک و ڕۆشن بگاتە گوێیان و دیسان دوژمنی‌و داکۆکی بکەن بەو شێوەیەی کە قورئان پێمان دەڵێت ئەوانە -کافر-ن واتە کەسانێکن کە هەوڵ دەدەن هەق داپۆشن، هەق گوم بکەن هەق لە خەڵکی پەنهان بکەن ئەمانە ئیدی ناتوانن پەیڕەوی لە هەق بکەن.

بەڵام ئەو کەسانەی تر کە هەموو شتەکانی وەک سیفەتە جۆراو جۆرەکان و بڕیاردان و چۆنیەتی ژیانیان زەمینەیان بۆ ساز دەکات کە پەیڕەوی لە هەق بکەن بەرەو هەق هەنگاو هەڵدێنن و پەروەردە کردنیان دەست پێ

دەکات و ژیانیان ڕۆشن دەبێتەوە.

دەبینـــین کـــە حـــەزرەتی محمـــد-ص- لـــە مەکـــە فەرمانبەریو ئەرکی بەندایەتی دەکەوێتە سەر شانی، یەکەم جارو پێش هەر کەس هاوسەرەکەی حەزرەتی خدیجە -س- باوەڕی پێ دەهێنێت ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانە.

حەساس ترین مرۆڤ بە مرۆڤێکی تر ژنە لـە بەرامبـەر مێردەکـەیدا ئەگـەر کـەمترین کـــەم و کـــوڕی ناموســـیو ڕەوشـتی لـە محمـددا -ص- هەبوایـەو لەگـەڵ ئـەوەدا کـە داوایـەکی ئـاوا گـەورەی دەکـرد هـەوەڵێن کەسـێک کـە بەهـەموو شـێوەیەک دوژمنایـــەتی دەکـــرد هاوســـەرەکەی دەبوو، لـــە کـاتێکدا کـە هەقیقـەت ئێسـتا بـە تـەواوی بـۆ حەزرەتی محمد -ص- ڕوون نەبوو بۆوە تەنیا ئەوە بوو کـە بانگی -اقـرأ باسـم ربـك الـذي خلـق-ی بیسـتبوو دوای ئەمەی دووچاری ئەو ناڕەحەتیو تـاو لـەرزە زۆرە بـوو بـوو، مەسەلەکەی بـۆ خدیجـە گێڕایـەوە، حـەزرەتی خدیجـە لـە کاتێکدا کە دڵی دەدایەوە پێی وت هەرچی بێت شەڕو بەڵا نییە چونکە ژیانی تـۆ بـە شـێوەیەکی گشـتی وا نییـە کـە

شەڕو بەڵات بۆ پێش بێت، تا کاتێکێ چونە لای -ورقة-ی ئامۆزای خدیجە، حەزرەتی محمد -ص- زۆر نیگەران بوو کە ئەم مەسەلە قورس و گران و گەورەیە دەبێت چی بێت؟ وەرەقە ڕوونی کردەوە [چونکە ئەو شارەزا بوو] کە ئەمە کت و مت ئەو رسالەت و پەیام و ئەرکەیە کە بۆ حەزرەتی موسىو عیسى -ص- پێش هاتووە، پێش ئەوەی کە هەقیقەت بە تەواوی بۆ محمد -ص- ڕوون بێتەوە [چونکە بەهۆی ئەم مەسەلەیەوە تەواو بێ تاقەت بوو] حەزرەتی خدیجە باوەڕی پێ هێنا، شەخسیەتی سالم و پەسەندکراو و بەجێ ئەمەیە، گەورەترین نیشانەی پاکىو صەداقەتی محمد -ص- ئەم هەڵوێستەی حەزرەتی خدیجەیە، چونکە ژن ئەو هەموو حەساسیەتەی هەیە لەپیاو لە کاتێکدا کە ئەم ژنە ١٥ ساڵ لە مێردەکەی گەورەترە، مێردەکەی ٤٠ ساڵەو خۆی ٥٥ ساڵ و هەموو ماڵ و سامانی مێردەکەشی هینی ژنەکەیەتی، تا چ ڕادەیەکێ پاکىو دروستی لە شەخسیەتی ئەم مێردەیدا دەبینێت کە مەسەلەیەکی ئاوا گەورە کە مێردەکەی دەیکات باوەڕی پێ دەهێنێت، لە

ڕاستیدا ئەم پەیامە هەموو دەسکەوت و بایەخەکانی تەمەنی ٥٥ ساڵەی خدیجە دەنێتە لاوە لەگەڵ ئەمەشدا پێش هەر کەسێکی تر باوەڕی پێ دەهێنێت.

پاشان لەنێوان منداڵاندا حەزرەتی علی‌و لەنێوان پیاواندا حەزرەتی ابوبکرو لەنێوان عەبدەکاندا زەید باوەڕی پێ دەهێنن کە ئەمانەش وەک حەزرەتی خدیجە نزیکن لە محمد -ص-و لە ژیان و ڕەوشت و شەخسیەتی ئاگادار بوون، بە هەمان شێوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگای گەورەی مەکەدا بوون.

بەڵام لە هەمان کاتدا ژمارەیەک ڕاستەوخۆ کەوتنە دوژمنایەتی محمد ﷺ و پەیام و بەرنامەکەی‌و تا کۆتایی تەمەنیان دژی وەستان مەگەر کەسانێک کە زەمینەی دوژمنایەتیان نەماو ناچار بوون تەسلیم بن.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو ١٣ ساڵەی مەککە بدەین کە محمد ﷺ کاری تێدا دەکرد دەبینین کە تەنیا ژمارەیەکی [illegible]یار بەرەو ئەو هاتن و لە بەرنامەی پەروەردەیی ئەو [illegible]ودیان وەرگرت بەڵام هەمان ژمارەی دیارو ناسراو کە هەر

ئەوانە بوون دنیایان ژێروڕوو کرد لەبەر ئەوەی بە دروستیی پەروەردە بوو بوون، دوای ئەوەی پەروەردە بوون بەردەوام ئایات دەهاتە خوارەوەو زانینیان زیادی دەکرد.

پاشان پێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە کۆچ دەکات و ژێرخان و پایەی سەرەکی کۆمەڵگای مەدینە مهاجرینن و پاشان - أنصار-، کە ئەنصارەکانیش زۆربەیان پێش کۆچی محمدﷺ باوەڕیان هێنا بوو، چ ئەو ١٢ کەسەی دوو ساڵ پێش کۆچ کردن وەک وەفدێکی نوێنەر بەخزمەتی پێغەمبەرﷺ گەیشتن چ ئەو ٧٢ کەسەی کە ساڵێک پێش کۆچ کردنی پێغەمبەریانﷺ دیو باوەڕیان بە دینەکەی کردو چ کەسانێک کە دینیان لەسەر دەستی ئەم کەسانەدا ناسیبوو وە باوەڕیان پێ هێنا بوو، ئەمانە ئەو مرۆڤە پاکانە بوون کە پێش کۆچ کردنی محمدﷺ ئیسلامیان دەرک کردبوو [ئەمانە ناوکی سەرەکی کۆمەڵی ئیسلامیان پێک دەهێنا لە ڕووی ژمارەوە زۆر کەم بوون بەڵام لەڕووی چۆنیەتی‌یەوە ڕووە عەمەلی‌یەکەی ئەو نمونەیە بوون کە قورئان باسی دەکات (هەڵبەتە -مثل- ڕاستترە) ﴿ولو

أنزلنا هذا القرآن على جبل لرأيته خاشعاً متصدعاً من خشية الله﴾ هەر دوا بەدوای ئایەتەکە حاڵیمان دەکات کە ئایا قورئان بۆ سەر کێو دێتە خوارەوە؟

نەخێر ﴿وتلك الأمثال نضربها للناس﴾ بەشێوەی - مثال- ئەم شتەمان فێر دەکات.

کۆمەڵگای ئیسلامی وەک قورئان دەڵێت هێندە بچوک بوو ترسی هەبوو کە خەڵک بیفڕێنن، هێندە بچوک و بێ هێز کە هەر نەیهێڵن، بەڵام کۆمەڵگاکانی شیرک، کۆمەڵگاکانی پڕ لە ئیمتیازات و بەندە بوون چ تیرەکانی دورگەی عەرەب و چ حکومەتە ژێر دەستەکانی ئێران و ڕۆم لە ناوچەکانی باکورو باشوری دورگەی عەرەب، ئەمانە هەموویان دوژمنانی خەتەرناکی کۆمەڵی ئیسلامی بوون، ئەم کۆمەڵە بچوکە ئیسلامی‌یە دەبوایە ئامبازی ئەم هەموو هێزانە بێت، بێ شک خۆشیان نیگەران بوون کە چ ئەرکێکی گەورەو چ گروهێکی بچوک.

خودا ئەم هەقیقەتەمان حاڵی دەکات کە: بەرنامەیەک کە دابینی دەکەن بەرنامەیەکە کە قورئان فێرتان دەکات وە

توانـای قورئـان بـه ئەندازەیەکـه کـه ئەگـەر بمانـەوێت بـه نموونەیـەکی مـادیو عـەینی دەری ببڕیـن دەڵێـین وەک مادەیەکی تەقێنەرەوەی زۆر بەهێز کە ئەگەر بخرێتـه سـەر کێوێکی گەورە داغان و کاولی دەکات و لەناوی دەبات.

ئـەم کێـوی ڕژێـم و حکومـەت و پـەیوەندی کۆمەڵایەتی‌یانەی کە بەدیان هێناوە، هەروەها ئـەو خێـڵ و تیرەو هۆزە زۆرمەندانەو ئەو حکومەتە بەدەستەڵاتانەی کـه هەیە لە بەرامبەر ئێوەوە کە -ئەهلی قورئان-ن بێ توانان و بەرگریان پێ ناکرێت قورئـان مادەیـەکی تەقێنەرەوەیـه کـه ئەوانە پارچە پارچەو داغـان دەکـات، بـەڵێ ئـەو دەسـەڵاتە زۆردارانە لەبەر چاوی ئێوەدا زۆر بە هەیبەتن وەکـو شـاخ و کێو [لە زمـانی کـوردی‌دا بەهـەمان شـێوە کـە لـە زمـانی عەرەبی‌دا هەیە دەسەڵات و بەهێزی بەکێو دادەنـین] تـۆ وا دەزانیت و پێت وایە کە ئەمانە ڕیشەکەن نابن و لەناو ناچن بـەڵام ئێـوە قورئانتـان پـێیـە قورئـان بەسـە بـۆ ئـەوەی گـەورەترین کێـو وردو خـاش و پارچـە پارچـە بکـات وەک دەزانین بەهەمان شێوەش بوو.

محمد ﷺ بەهۆی قورئانەوە ئەو کۆمەڵە بچوکەی پەروەردە کرد کە توانی هەموو هێزە گەورەکان نابوت بکات، پەروەردە کردنێک بەو شێوەیەو پاشان فێر کردنیان.

پەروەردە بۆ چ کەسانێک؟

بۆ ئەو مرۆڤانەی بە پێی شێوازی بیر کردنەوەو هەڵوێستیان نیەتی پاک و ئامانجی دروستیان هەیە.

پەروەردە -بەو شێوەیەی لە نامیلکە دەرسییەکاندا نوسیومانە- بریتییە لە: دروست کردنی کەسایەتی هەر مرۆڤێک ڕێک و هاوهەنگاو لەگەڵ ئەوەدا کە فێری دەبێت.

سەرەتا زانیاری زۆری پێ نادرێت، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بکرێت لە پاشاندا ناتوانێت ئەو زانیارییە زۆرە بخاتە کردارەوە، بەڵکو کەم کەم هەقیقەتە گەورەکانی حاڵی دەکەیت و شەخسیەتی بەپێی ئەو هەقیقەتانە پێ دەدرێت، بە عیبارەتێکی سادەو ناو خەڵکی یەک دەستی دەکەیت [نایەڵیت شتێکی زۆر بزانێت و کردەوەی کەم]، هەمان مەسەلەی دەرونی هۆشیارو ناهۆشیارە، مرۆڤ کۆمەڵێک شت دەزانێت و سیفات و تایبەتمەندییەکی

تایبەتی هەیە، پەروەردە ئەوەیــە کـە مـرۆڤ شان بەشانی ئەوەی دەیزانێت سیفاتی گونجاو لـەخۆیدا بـەدی بهێنێـت، یەک جۆر پـەروەردە دەبێـت و یـەک شـێوە بێـت نـەک دوو شێوەو دوو شەخسیەتی بێت و کردەوەی شـتێک و زانـین و هۆشیاری شتێکی تر، ئەوەی دەیزانێت چەشنێک و سـیفات و ڕەوشتیو ڕەفتاری چەشنێکی تر.

وە بـە عیبـارەتێکی تـر: بـەدیهێنانی دابـین کـردن - تطبیـق- لـەنێوان تایبەتمەندیــە ئـەخلاقیو ویژدانـیو دەروونییەکانی مرۆڤ و حاڵ و ئەحواڵی -زەینی- بیریدا.

مـەبەستمان لە -زەین- ذهن- چـالاکی بـیریو دەرک و زانین و ناسینەکانی مرۆڤە، ویژدان یان ئەخلاق یـان دەروون واتە ئەو سیفات و تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤ هەیەتی بۆ نمونە ئازایە یان ترسنۆکە، سەخاوەتی هەیـە یـان چروک و چەکلە، خۆش ڕەفتارە یان بەد ڕەفتـارە، خۆڕاگـرە یـان بێ ورەیە وە هەروەها بـاقی سـیفەتەکان، پـەروەردەی ڕاست و دروست واتە بەدیهێنانی دابـین کـردن و هاوشـانی لـەنێوان تایبەتمەندییە ئەخلاقیو ویژدانییەکانی مرۆڤ و ئـەحواڵی

زەینیدا -ذهن-، ئەوەی زەین و هۆشی بەدەستی دەهێنێت بەهەمان شێوە لە ویژدانیشدا بەرهەم بێت، چی فێر دەبێت هەر ئەوە لە سیفات و تایبەتمەندییەکانیدا بەدەست بهێنێت یان دیسان بە عیبارەتێکی تر هاوهەنگاو کردن و هاوڕەنگ کردنی دەروونی هۆشیارو ناهۆشیار، دەروونی هۆشیاری کە فێری شتێک دەبێت حەتمەن دەروونی ناهۆشیاری ئەو شێوەیە وەربگرێت، پەروەردەی ڕاست و دروست واتە ئەمە.

دوای ئەوەی لەم قۆناغەدا کەسانێکی پاک و یەک ڕەنگ و ساز دروست بوون نۆرەی فێر بوونی -کتاب و حکمت- دێت، سەرەتا: یتلو علیکم آیاتنا ویزکیکم- و پاشان -ویعلمکم الکتاب والحکمة- دێت و پاش ئەوەی ئەو شەخسیەتەی گەرەکتە دروست بوو، واتە ئەو کەسە بووە مرۆڤێکی بەسوودو بەجێ لە پایەو بناغەوە بە دروستی بەرز بووەوە، زانین و ناسینە سەرەکییەکان فێر بوو، ویژدان و دەروونی هاوشێوەی زانینەکان بوو، نۆبەی فێرکردن دێت، فێر کردنی -کتاب و حکمت- بەردەوام

زانیاری‌یەکانی زیاتر دەبێت و ڕاستی زۆرتر دەرک دەکات؛ هەر ڕادەیەک کە ئەو کەسە زەمینەو وەختی هەڵدەگرێت بێ گومان هەموو کەسەکان وەک یەک نین بۆ فێر بوون هەر کەسێک بە پێی توانای خۆی دەتوانێت لە ڕاستیەکانی -کتاب و حکمت- [ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت فێر بێت] حاڵی ببێت و فێر بێت و تێ بگات.

کەواتە بنەمای بەرنامەی ئەم دینە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک پەروەردە ببێت، واتە ئەوەی فێری دەبن هەر بەو شێوەیەش بن -لە کردەوەیان دا-، یان بڵێین ئەوەی لە ڕێگای دەروونی هۆشیارەوە وەری دەگرن و قبوڵی دەکەن بەهەمان شێوەش دەروونی ناهۆشیاریان بڕازێننەوە، لەم پەروەردەیەدا دەروونی هۆشیارو ناهۆشیار لەیەک بێگانە نین [واتە زانین و سەرئەنجام قسەیان لەگەڵ ڕەفتاریاندا جووتە].

لە غەیری پەروەردەو شێوازی مرۆڤ سازی ئیسلامی‌دا سەرنج دەدەین دەروونی هۆشیارو ناهۆشیار تەواو لەیەک بێگانەن.

یەکێ پزیشکی دەروونـــی یـان دەروون ناسـێکێ خـەریکی باسێکە لەگەڵ کەسێکدا، سەیر دەکات ئەم کەسە زۆر چاکێ مەســەلەکانی مــرۆڤ تـــاووتوێ دەکـــات، دوای ماوەیـــەکێ زەحمەت کێشان تێ دەگات ئـەم کەسـە لـە دەروونـەوە زۆر وێرانـــە، دەروونـــی تایبەتمەندیـــەکی هەیـــە دروســـت پێچەوانـەی ئـەوەی دەیڵێـت و دەیزانێـت، هۆکـاری ئـەم بێگانـەیی و نائاشـنایی‌یەی دەروونـی هۆشـیارو ناهۆشـیاری مرۆڤ چی‌یە؟

ئەوەیە کە لە سەرەتادا وتمـان، دوو دەفـر لـە تەنیشت یەکترەوە بەڵام جیا لەیەکێ، یەکێکیان بەردەوام پڕ دەکرێـت دیارە هەر پڕو پڕتر دەبێت و ئەوەی تریان هیچی تێ ناکرێت و بـەتاڵ و خـاڵی دەمێنێتــەوە، یـەکێکیان زۆر ڕوونـاکێ دەکەنەوەو دەیکەنە چارخان و ئـەوەی تریـان تـاریکێ، واتـە بەشی هۆشیارو ئاگای مرۆڤ ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەکرێت بەڵام بێ ئەوەی گوێ بدەنە دەروونی نائاگای.

ئایا ئەم کەسە وێڕای زانینەکەی پەروەردەی دەبێت؟

نەخێر.

لە شێوازە غەیرە دینی‌یەکاندا مرۆڤ سازی تەنیا زیـاتر

ئێستا ئێمە کە مەکتەبی خۆمان ناو ناوە -مەکتەبی قورئان- و دەمانەوێت لەم قوتابخانەیەدا شێوازی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامی زیندوو بێتەوە، مامۆستایانی ئەم مەکتەبە لەم خولەدا [خولی یەکەم] دەبێت بزانن کە دەبێت لەسەر بنەمای ئەم شێوازە محمدییە [واتە شێوازێک کە خودا بە محمدیﷺ فێر کردووە نەک شێوازی خۆی بێت] سەرەتا پەروەردەکەرو ڕاهێنەرن هەر ڕادەیەک بە پێی خۆی، ڕادەی بەرنامەکان جۆراو جۆرەو هەر مامۆستایەک لەهەر ڕادەیەکدا کە دەرس دەڵێتەوە سەرەتا پەروردەکەرو ڕاهێنەرە پاشان ماموستاو فێرکەرە.

چاپددن (١٠٩) ١٩٩٨ چاپخانەی زانکۆ